# حوكمی سەردان كردنی شوێنەواری پیاوچاكان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين، أما بعد:

بێ گومان خوای گەورە و كاربەجێ هەموو ڕێگا وڕێچكەكانی هاوەڵ پەیدا كردنی (**الشرك**)ی گرتووە، وە هۆكارەكانیشی قەدەغە كردووە، وە دەرگاكانیشی داخستووە، لە پێناو جێبەجێكردنی یەكخواپەرستی (**التوحيد**) و پاراستنی مافەكانی، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِنْ شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُمْ مِنْ ظَهِيرٍوَلَا تَنْفَعُ الشَّفَاعَةُ عِنْدَهُ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ﴾. [سبأ: ٢٢ - ٢٣].لە ڕاڤەكردنی ئەم ئایەتەدا (أبو عبدالله محمد بن أبي بكر الزرعي) دەفەرمێت: بەجەخت لەسەركراوییەوە هەموو ئەو هۆكارانەی كەوا هاوبەش بڕیاردەرەكان خۆیان پێوەی هەڵواسی بوو خوای گەورە بنبڕی كرد لێیان بنبڕ كردنێك كەوا هەر كەسێك وورد ببێتەوە و شارەزا بێت لێی دەزانێ هەر كەسێك جگە لە خوای گەورە بكاتە دۆست و خۆشەویست و سەرخەری خۆی وێنەی وەك جاڵجاڵۆكەیەك (**العنكبوت**) وایە كەوا خانوویەك بۆ خۆی دروست بكات، بەجەخت لەسەركراویش لاواز ترین خانوویش خانووی جاڵجاڵۆكەیە، جا مرۆڤی هاوەڵ دانەر (**مشرك**) بە لایەوە وایە كەوا سود و قازانجی لای پەرستراوەكەیەوە دەست دەكەوێت .

بەڵام سود و قازانجی دەست ناكەوێت تەنها لای ئەو كەسە نەبێت كە یەكێك لەم چوار تایبەتمەندیەی تێدا بێت:

یان ئەوەتا پەرستراوەكە (المعبود) خاوەنی ئەو شتە بێت كە پەرستەرەكە (العابد) دەیەوێت، جا ئەگەر پەرستراوەكە خاوەنی ئەو شتە نەبوو بەلای كەمەوە شەریكی خاوەنەكەی بێت، جا ئەگەر شەریكی نەبوو دەبا یارمەتی دەری بێت، جا ئەگەر یارمەتی دەری نەبوو دەبا تكاكاری (الشفيع) بێت لەلای. پاشان خوای گەورە هەر چوار پلەكە نەفی دەكات یەك لە دوای یەك لەسەرەوە بۆ خوارەوە .

جا خوای گەورە نەفی خاوەنێتی و شەریکایەتی و یارمەتی دەری و تکاکاری کرد لەو پەرستراوانەی کەوا مرۆڤە هاوەڵ دانەرەکان (المشرك) داوایان لێ دەکەن، وە خوای گەورە تکاکاری (الشفاعة) جێگیر دەکات بۆ خۆی، وە مرۆڤی هاوەڵ دانەریش هیچ بەشێکی لەو تکا کاری یە نی یە ... هەر وەکو خوای گەورە زیاتر ڕوون و ئاشکرای دەکاتەوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا کەوا بە تەئکید نابێ لە هیچ کەسێك بپاڕێیتەوە تەنها لە خوای گەورە نەبێت، لە هەڵگرتنی زەحمەتیەکان و فریاکەوتنی زوڵم لێکراوان، و لابردنی نەخۆشیەکان و وەڵام دانەوەی پێویستیەکان، و داواکردنی چوونە ناو بەهەشت، و خۆپاراستن لە ئاگری دۆزەخ، و چاك بوونەوەی نەخۆشیەکان، و منداڵ پێدان  کە دەفەرمێت:

﴿وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ﴾. [يونس: ١٠٦ - ١٠٨].

وە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾. [القصص: ٨٨] .

وە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِنْ رَبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾. [غافر: ٦٥ - ٦٦] .

یەکێك لە هۆکارەکانی هاوبەش بۆ خواپەیدا کردن ـ ئەوەی کە خوای گەورە دەرگای لە سەر داخستووە ـ بریتی یە لە بە دواداگەڕان بە دوای شوێنەواری پیاو چاکان و بە گەورە زانینی شوێنەوارەکانیان[١] ئەویش بە نوێژ کردن تێیاندا و پاڕانەوە لەلایاندا و خۆساوین پێیاندا (التمسح بها)

---

(١) بەڵام ئەو شوێنانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بە تایبەت بۆی چووە و خواپەرستی تێدا کردووە و بانگەوازی ئومەتەکەی کردووە بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنانە و نوێژکردن تێیاندا، ئەوا هیچ گومانی تێدا نی یە کە ڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنانە بۆ خوا پەرستی شتێکی ڕێگا پێدراو و داواکراوە لە ئایینی ئیسلامدا، وەکو ڕۆیشتن بۆ ئەم سێ مزگەوتە بە تەنها (مزگەوتی مەککە و مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) و مزگەوتی قودس (بیت المقدس)، هەروەها سوننەتیشە بە تایبەت بڕۆیت بۆ مزگەوتی (قباء) لە مەدینە، بەڵام خۆ ئامادەکردن و خۆپێچانەوە و سەفەر کردن بە تایبەت دروست نی یە بۆ هیچ لە مزگەوتەکانی تر تەنها ئەو چوار مزگەوتە نەبێت .

وه بەجەخت لەسەرکراوییەوە پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارمانی کردووەتەوە لەم جۆرە کردەوانە بەو پەڕی ئاگادارکردنەوە، وە ئەوپەڕی بەرهەڵستیشی کردووە لەو کەسانەی کەوا ئەم جۆرە کردەوانە دەکەن .

لە (عائیشة)وە کە (أم حبیبة) و (أم سلمة) خوایان لێ ڕازی بێت باسی کەنیسەیەکیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە لە حەبەشە بینیبوویان کۆمەڵێك وێنەی تێدا بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((أولئك إذا مات فيهم الرجل الصالح أو العبد الصالح بنو على قبره مسجداً وصوروا فيه تلك الصور، أولئك شرار الخلق عند الله))(٢). واتە: ئەوانە ئەگەر پیاوێکی چاك لە ناویان بمردایە، ئەوا لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتیان دروست دەکرد و ئەو وێنانەیشیان تێدا دەکێشا، جا ئا ئەوانە خراپترینی خەڵکن لای خوای گەورە .

وە لە (أبو هريرة )وە (ﷺ) پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: ((قاتل الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد))(٣).واتە: خوای گەورە جوولەکە و گاورەکان بکوژێت و لەناویان بەرێت، چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردۆتە مزگەوت .

وە مەبەست لە بە مزگەوت کردنی گۆڕی پێغەمبەران: مانای نوێژ کردنە لای گۆڕەکانیان، وە دروست کردنی مزگەوت و ژوور و قوببەیە لەسەر گۆڕەکانیان .

جا سەیرکە برای بەڕێزم ئەوانەی ئەم جۆرە کردارانە دەکەن لەلای، یان لەسەر گۆڕی پێغەمبەران (صەلآت و سەلامی خوایان لەسەر بێت) لەو کەسانە دەبن کە خراپترینی خەڵکن لەلای خوای گەورە، وە لەو کەسانەیش دەبن کە خوای گەورە نەفرەتی لێیان کردووە و (بێ بەشن لە بەزەیی خوای گەورە) پەنا بە خوا لەم جۆرە هەڕەشانە، جا دەبێ حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت کە ئەم جۆرە کردەوانە دەکەن لە لای گۆڕی جگە لە پێغەمبەران! ؟ گومانی تێدا نییە کە تاوانەکانیان گەورەتر و خراپترە .

---

جا باسەکەی من لەسەر ئەو شوێنانە نی یە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی چووە و هانی موسڵمانانیشی بۆ داوە، بەڵکو باسەکەی من لەسەر ئەو شوێنانەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی نەچووە و هانی موسڵمانانیشی نەداوە کەوا بۆی بچن، لە پاشاندا ڕوونی دەکەینەوە إن شاء الله .

(٢) صحيح البخاري رقم: (٤٢٧) وصحيح مسلم رقم: (٥٢٨).

(٣) صحيح البخاري رقم: (٤٣٧) وصحيح مسلم رقم: (٥٣٠).

وه له (عبد الله بن الحارث النجراني)ەوە فـەرمووی: (جندب رضي الله عنه) بـۆی بـاس کـردم و فـەرمووی: سمعت النبي (ﷺ) قبـل أنْ يـموت بخمـس وهـو يقـول:((...، ألا وإن مـن كـان قـبلكم كـانوا يتخـذون قبـور أنبيـائهم وصالحيهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد، إني أنهاكم عن ذلك))[٤]. واته: گوێم له پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) پێش مردنی بە پێنج ڕۆژ دەیفەرموو: ...، وریا بن ئەوانەی پـێش ئێـوە گـۆڕی پێغەمبـەر و پیاوچاکەکانیان کردووە بەمزگەوت، وریابن ئێوە گۆڕ نەکەن بە مزگـەوت، وریـا بـن ئێـوەش گۆڕەکـان نەکەن بە مزگەوت، من ئەمەم قەدەغە کردووە لێتان .

ئا لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارمانی کردووەتەوە لەم جـۆرە کردەوانـە پـێش مردنـی بـە پێنج ڕۆژ، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) وریا و ئاگادارمانی کردووەتەوە لە کاتێکدا کە لە سەرە مەرگدا بووە، هـەر وەکـو (عائيشة) و (عبدالله بن عباس) (رضي الله عنهم) فەرموویانـە: لـەو کاتـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە سەرەمەرگدا بوو پارچە قوماشێکی دەدایە بان دەمووچاوی، جا ئەگەر هەناسەی تـەنگ بوایـە لەسـەر دەمووچـاوی لای دەدا، جـا لـەو کاتـەی پارچـە قوماشـەکەی لادابـوو فـەرمووی:((لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبورأنبيائهم مساجد))[٥]، يحذر مثل ما صنعوا . واتـه: لەعنـەتی خـودا لـە جولەکـە و گاورەکان بێت کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردووەتە مزگەوت، ئاگاداری ئوممەتەکەی دەکـردەوە لـەو کردەوەیەی ئەوان کردیان .

وه بە بێ گومان جێنیشینەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) لە دوای مردنی لەسەر ئـەم ڕێبـازە ڕاسـتەقینەیە ڕۆیشتن.

له (المعرور بن سويد)ەوە فەرمووی: ئێمە لە گەڵ (عومەری کوڕی خەطاب)دا (رضي الله عنه) بەڕێکەوتین بۆ حەج کردن، لە ڕێگادا شوێنێکمان بەرچاو کەوت خەڵکی ڕوویان تێ کردبوو نوێژیان تێدا دەکرد، (عومەر)یش فەرمووی: ئەوا خەڵکی چی یانە بۆ ڕوو لەو شوێنە دەکەن! ؟ فەرموویان ئەوە شوێنێکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی تێدا کردووە، جا (عومەر)یش فەرمووی: ئەی خەڵکینە ئەو نەتەوانەی پێش ئێوە خوا لـە ناویـانی بـردن بـە هـۆی هاوشـێوەی ئـەم کردەوەیـەی ئێـوەوە، تـا وای لێهـات شـوێنەواری

---

(٤) صحيح مسلم رقم: (٥٣٢) .

(٥) صحيح البخاري رقم: (٤٣٥) و (٤٣٦)، وصحيح مسلم رقم: (٥٣١) .

پێغەمبەرەکەیان دەکرد بە پەرستگا، جا هەر کەسێك ڕێی کەوتە ئەم شوێنانە با نوێژی تێدا بکات، وە ئەوەی ڕێی کەوتە ئەم شوێنانە و کاتی نوێژ نەبوو با نوێژی تێدا نەکات و بڕوات و بە تایبەتی ڕووی تێ نەکات بۆ نوێژ کردن تێیدا)[٦] .

جا ئیمامی (عومەر) (ﷺ) بەرهەڵستی ئەم جۆرە کردەوانەی لێیان کرد کە ئەوەیش بە (تەبەرووك) زانینی ئەو شوێنانە بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی تێدا کردووە، وە ڕوون و ئاشکرای کردەوە کەوا بەم جۆرە کردەوانە نەتەوەکانی پێشوو لە ناو چوون .

هەروەها فەرمانی کرد بە بڕینی ئەو دارەی کەوا خەڵکی گومانیان وابوو پێغەمبەر (ﷺ) لە ژێریدا پەیمانی لەگەڵ هاوەڵاندا بەست[٧]، لە گەڵ ئەوەی کە خوای گەورە شوێنی ئەو دارەی لە بیر هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بردەوە کە ئەمەیش ڕەحمەتێك بوو بۆ ئەمان و ئەوانەی دوای ئەمانیش هاتن .

وە لە (ابن عمر)ەوە(ﷺ) فەرمووی: لە ساڵی دواییدا کە گەڕاینەوە هیچ دوو کەسێك لە ئێمە یەك دەنگ و کۆك نەبووین کە ئەو دارە کامەیە کە پەیمانەکەمان لە ژێریدا بەست، ئەمەیش ڕەحمەتێکی خوا بوو کە نەمان زانی[٨] .

وە لە (سعيد بن المسيب)ەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: باوکم بۆی گێڕامەوە – کە یەکێك بوو لەوانەی پەیمانی بەست لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) لە ژێر دارەکەدا – و فەرمووی: لە ساڵی دواتر کە لەمەدینەوە دەرچوین لە بیرمان چووبووەوە کام دارە بوو، وە نەیشمان توانی دەست نیشانی بکەین .

جا (سعید)یش فەرمووی: لە کاتێکدا هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیانزانی کام دارە بوو کە چی ئێوە زانیتان، ئایا ئێوە چاکتری لێ دەزانن لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)[٩]؟!

---

(٦) رواهُ عبدالرزاق رقم: (٢٧٣٤)، وابن أبي شيبة:

(٢ / ٣٧٦ )، وأورده شيخ الإسلام ابن تيمية في " اقتضاء الصراط المستقيم ": (٢ / ٧٤٤) من طريق الأعمس بسند صحيح، حكم الحافظ بثبوته في الفتح: (١ / ٥٦٩) .

(٧) رواهُ ابن سعد في "الطبقات": (٢/١٠٠) وابن وضاح في "البدع" ص: (٤٢) وابن ابي شيبة: (٢/٣٧٥) .

(٨) صحيح البخاري رقم: (٢٩٥٨) .

(٩) صحيح البخاري رقم: (٤١٦٣)، وصحيح مسلم رقم: (١٨٥٩) .

(ابن حجر) لەڕاڤە کردنی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: (حیکمەت لە شاردنەوە و نەزانینی ئەو دارە ئەوەیە: کە خەڵکی توشی فیتنە و ئاشوب نەبێت، چونکە خێر و چاکەیەك لە ژێریدا ڕووی دابوو ئەگەر بمابایە خەڵکێکی نەشارەزا لە بە گەورە زانینی ئەم دارە سەلامەت نەدەبوون، جا لەوانەیە کار بگەیشتایەتە ئەوەی کە خەڵکی باوەڕیان پێ بووایە سود و زیانی هەیە هەر وەکو ئێستا دەبینین کە خەڵکی هەمان بیروباوەڕی بەرامبەر هەندێك شت هەیە کە بەها و نرخیان لە بەها و نرخی ئەم دارە کەم ترە، هەر لە بەر ئەوەیش بوو (عبدالله)ی کوڕی (عومەر) (رضي الله عنهما) فەرمووی: (شاردنەوە و بزر بوونی ئەم دارە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕەحمەتێکی خوایی بوو)[10].

وە پێشینە چاکەکانیش (**السلف الصالح**) لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشتن، وە ڕووەو ئەو شوێنانە نەدەچوون بەڵکو بەرهەڵستیشیان دەکرد لەو کەسانەی کە ئەو کردەوەیەیان دەکرد .

(أبو عبد الله بن وضاح القرطبي) دەفەرمێت: ئیمامی (مالیکی کوڕی ئەنەس) و جگە لەویش لە زانایانی مەدینە ڕۆیشتنیان بۆ ئەم شوێنانە بە شتێکی (مەکروە) زانیوە، جگە لە مزگەوتی (قُباء) و چیای (ئوحد) نەبێت[11] .

وە دەفەرمێت: گوێم لە زانایان بوو باسیان دەکرد کەوا (سفيان الثوري) چووە بۆ مزگەوتی قودس (بيت المقدس) و نوێژی تێدا کردووە، بەڵام نەگەڕاوە بە دوای شوێنەواری پێغەمبەران، وە نوێژیشی لەو شوێنانە نەکردووە، وە بە هەمان شێوە جگە لەویش هەمان ڕەفتاریان کردووە لەو زانایانەی کە شایەنی ئەوەن خەڵکی چاویان لێ بکات، وە هەروەها (وكيع)یش چووە بۆ (قودس) و لە کردەوەکەی سفیان زیاتری نەکردووە .

(ابن وضاح) دەفەرمێت: دەست بگرن بە شوێن کەوتنی پێشەوایانی هیدایەت و ناسراو لەناو موسڵمانان.

هەندێك لە پێشینە چاکەکان (**السلف الصالح**) فەرموویانە: چەندەها شت ئەمڕۆ بە چاك وخێر دادەنرێت لەلای زۆربەی خەڵك، کە چی لای پێشینە چاکەکان خراپ بووە، وە ئەمڕۆ خۆشەویستە لای

---

(١٠) فتح الباري: (٦ / ١١٨) .

(١١) البدع والنهي عنها ص: (٤٣) .

خەڵكی بەڵام پێشینە چاكەكان ڕق و قینیان هەڵساوە لە خەڵكی لەسەر ئەم جۆرە كردەوانە، وە ئەمڕۆ لای خەڵكی نزیك كەرەوەیە بۆ لای خوا كەچی لای پێشین و سەلەف هەمان كرداریان بە دوور خەرەوە دادەنا لە خوا، وە هەموو داهێنراوێك (البدعة) جوانی و ڕەونەقێكی لە سەرە .

ئەوەی كە (ابن وضاح) باسی كرد شتێكی ڕوون و ئاشكرایە هەر لە بەر ئەمەیش (ابن تيمية) فەرموویەتی: ئا ئەوە دەزانرێت لە ئایینی پێغەمبەر (ﷺ) بە(التواتر)[١٢] و( الضرورة)[١٣] كەوا فەرمان كراوە بە ئاوەدان كردنەوەی مزگەوتەكان و نوێژكردن تێیاندا، بەڵام فەرمان نەكراوە بە دروست كردنی ژوور و قوببە نە لەسەر مەزارەكان، نە لەسەر گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ)، وە نە لەسەر گۆڕی جگە لە پێغەمبەریش (ﷺ)، وە نە لەسەر مەقامی پێغەمبەریش (ﷺ) .

وە لەسەردەمی (هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و تابعين و شوێنكەوتەی تابعين)یش مزگەوتێك نەبووە لە شارەكانی موسڵمانان كە لەسەر گۆڕ دروست كرابێت، نە لە حیجاز و نە لە شام، و نە لە یەمەن، و نە لە عێراق، و نە لە خوراسان، و نە لە میسر، و نە لە مەغریب ...

وە نەبووە یەكێك لە پێشین چووبێتە سەر گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) یان سەر گۆڕی جگە لەو بۆ ئەوەی بپاڕێتەوە لەلای، وە بە هیچ جۆرێك هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) نەچوونەتە سەر گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) و گۆڕی جگە لەویش لە پێغەمبەرانی تر بۆ ئەوەی لەوێ بپاڕێنەوە لە خوای گەورە، بەڵكو ڕۆیشتوون بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژیان تێدا كردووە و سەلامیان لە پێغەمبەر (ﷺ) و هەردوو هاوەڵەكەی (أبو بكر و عمر رضي الله عنهما) كردووە[١٤].

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە بە دواگەڕانی شوێنەواری ئەوليا ع پیاوچاكان لە داهێنراوی (البدع) شەیتانە، وە ڕێگای جوولەكە و گاور و خەڵكی نەزان و نەفامە .

لە (أبو واقد الليثي)وە (رضي الله عنه) فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەرچووین بۆ غەزای (حونەین) - وە ئێمە هێشتا لەسەردەمی كوفرەوە نزیك بووین - (واتە: تازە موسڵمان ببوین) وە هاوبەش بڕیار

---

(١٢) كۆمەڵێك خەڵكی زۆر شتێك بگێڕنەوە كەوا عەقڵ قەبوڵی نەكات ئەم كۆمەڵە خەڵكە كۆبووبێتنەوە لە سەر درۆ .

(١٣) واتە: ئەم شتە ئەوەندە ڕوون و ئاشكرایە لەناو موسڵمانان پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناكات، وەكو ئەوەی كە نوێژ فەرزە و زینا حەرامە .

(١٤) إقتضاء الصراط المستقيم ص: (٧٥٣) .

دەرەکان دارێکیان هەبوو لەلای دەمانەوە، و شمشێرەکانیان پێدا هەڵدەواسی بۆ (تەبەرووك)، وە ئێمەیش بەلای ئەو دارەدا تێپەڕبووین و، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دارێکمان بۆ دەست نیشان بکە بۆ ئەوەی شمشێرەکانمانی پێدا هەڵبواسین هەروەکو کافرەکان دارێکیان هەیە شمشێرەکانیانی پێدا هەڵدەواسن، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((الله أكبر إنها السنن قلتم والذي نفسي بيده كما قالت بنو اسرائيل لموسى:

﴿اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ لتركبن سنن من كان قبلكم))(١٥).واتە: (الله أكبر) ئەمە ڕێچکە و ڕێبازی هاوبەش بڕیاردەرەکانی پێش ئێوەیە، وە سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە ئەوەی ئێوە ووتتان وەکو ئەوە وابوو کە بەنی ئیسرائیل  بە موسی (ﷺ) یان ووت: (ئەی موسی (ﷺ) پەرستراوێکمان بۆ دەست نیشان بکە بیپەرستین هەروەکو چۆن کافرەکان پەرستراوێکیان هەیە و دەیپەرستن ـ گوێرەکەیان دەپەرست ـ ئەویش پێیانی فەرموو: بەڕاستی ئێوە کەسانێکی نەزان و نەفامن) بە ڕاستی ئێوە شوێن بەرنامە و ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون .

وە (ابن عباس ﷺ) لە ڕاڤە کردنی ئەم ئایەتەدا:﴿أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّىٰ﴾. دەفەرمێت: (اللَّاتَ) پیاوێك بوو ئاردە گەنم و جۆی لە گەڵ ڕۆندا تێکەڵاو دەکرد و دەیدا بەحاجی یەکانی ماڵی خوا، وە هەر کەسێك لێی بخواردایە قەڵە و دەبوو، جا لەبەر ئەوە دوای مردنی پەرستیان(١٦).

بۆیە مانەوە (الاعتكاف)، لەسەر گۆڕی ئەولیا و پیاوچاکان و بە پیرۆز زانینی دار و بەرد ڕێگای خەڵکی نەزان و نەفامە، وە هەرکەسێکیش خۆی بە نەتەوەیەك بچوێنێت ئەوا لەگەڵ ئەوانە .

(أبو بكرالطرطوشي) دوای ئەوەی فەرموودەکەی (أبو واقد الليثي) پێشو باس دەکات، دەفەرمێت: (هەروەها سەیر بکەن ڕەحمەتی خواتان لێ بێت لە هەر شوێنێکدا دارێکی سدرتان بینی یان هەر دارێکتان بینی خەڵکی ڕوویان تێدەکرد و بە گەورەیان دەزانی ئومێدی چاك بوونەوە و شیفایان لێ دەکرد، وە بزمار و پەڕۆیان پێوە هەڵدەواسی ئا ئەوە ئەو (ذات أنواط)ەیە کە هاوبەش بڕیاردەرەکان هەیان بوو، هەروەك لە فەرموودەکەدا هاتووە، وە ئەو دارە ببڕنەوە)(١٧).

---

(١٥) صحيح سنن الترمذي رقم: (٢١٨٠) .

(١٦) صحيح البخاري رقم: (٤٨٥٩) وانظر "فتح الباري": (٨ / ٦١٢).

(١٧) الحوادث والبدع ص: (٣٨) .

وه (عبد الرحمن بن إسماعيل) كه ناسراوه به (أبو شامة) دهفهرمێت: (به ڕاستی ئهو كردهوهیهی شێخ (أبو اسحاق الجبيناني)(ڕهحمهتی خوای لێ بێت) سهرسامی كردم ـ یهكێكه له پیاوچاكانی وولاَتانی ئهفریقا له ساڵهكانی چوار سهددا ـ (أبو عبد الله محمد بن أبي العباس المؤدب) كه هاوڕێیهكی چاكی بوو لێی دهگێڕێتهوه كه له نزیك ناوچهی (شێخ أبو اسحاق) كانییهك ههبوو پێیان دهوت كانی چاك بوونهوه (عين العافية)، وه خهڵكی به هۆیهوه توشی ئاشوب و سهر لێشیوان ببوون، و له ههموو شوێنێكهوه بۆی دههاتن، به تایبهت ئهوانهی كه ژن هێنان یان شوكردنیان دوا بكهوتایه، یان منداڵیان نهدهبوو، جا شێخ فهرمووی بمبهن بۆ سهر ئهو كانی یه بۆ ئهوهی به هۆی ئهم چونهمان ئهو فیتنهیه بناسرێت.

(أبو عبدالله) فهرمووی: من شهوێكیان له كاتی پارشێودا له پرێكدا گوێم له بانگدانی (أبو اسحاق) بوو، جا ڕووه و بانگهكه دهرچوومه دهرهوه، بینیم كانییهكهی تێك داوه و ڕووخاندویهتی وه بانگی بهیانیشی لهسهری دا، پاشان فهرمووی: ئهی خوایه ئهوا من تێكم داو و ڕوخاندم جارێكی تر سهر بهرزی نهكهیتهوه، (أبو عبدالله) فهرمووی: تا ئێستایش سهری بهرز نهكردووهتهوه)[١٩].

منیش دهڵێم: بهداخهوه خهڵكێكی زۆر لهوانهی خۆیان دهدهنه پاڵ ئایینی ئیسلام كهوتوونهته ناو ئهو شتانهی كه پێغهمبهر (ﷺ) ووریا و ئاگاداری كردووینهتهوه لێ ی، دهیان بینی ڕوو لهو شوێنانه دهكهن كه هیچ بهڵگهیهك نههاتووه له سهر چاكێتی ڕوو تێكردنیان به تایبهت به مهبهستی خواپهرستی وهكو چوون بۆ ئهشكهوتی (حرا ء) لهگهڵ ئهوهیشدا كه پێغهمبهر (ﷺ) پێش پێغهمبهرایهتی خواپهرستی تێدا كردووه بهلاَم دوای پێغهمبهرایهتی هیچ جارێك نهچووه بۆ ئهم ئهشكهوته، وه بانگی ئومهتهكهیشی نهكردوه بۆ ڕۆیشتن بۆ ئهم شوێنه، وه له گهڵ ئهمهیشدا دهبینی خهڵكێكی زۆری نهشارهزا و نهفام بهرهو ڕووی ئهم ئهشكهوته دهچن .

وه بهههمان شێوه چوون بۆ ئهو شوێنهی كهوا گومان دهبرێت پێغهمبهری (ﷺ) تێدا له دایك بووه، له گهڵ ئهوهی كه هیچ بهڵگهیهك نییه لهسهر ئهم گومانه، جا ئایا پێغهمبهر (ﷺ) هانی ئومهتهكهی داوه بۆ ڕۆیشتن بۆ ئهم شوێنانه یان ئایا یهكێك له هاوهڵانی پێغهمبهر (ﷺ) یان پێشینی چاك (**السلف الصالح**) ئهم جۆره كردهوهیهیان كردووه ؟!

---

(١٩) الباعث على إنكار البدع والحوادث ص: (٢٤) .

بەڵكو ئەو كەسەی ئـەوەی داهێنـا گـومڕا بـووە لـە ڕێگـەی ڕاسـت و پێچـەوانەی ڕاسـتی‌یەكی ڕوون و ئاشكرای كردووە .

بەڵكو كار گەیشتە ئەوەی كەوا خەڵكی بچن بۆ شوێنێك كـە گوایـە (آمنة )ی دایكـی پێغەمبـەری (ﷺ) تێیدا نێژراوە، جا لەم شوێنەدا شتی وا ئەنجام دەدرێت لە هاوەڵ دانان بۆ خـوای گـەورە و كـردەوەی ناشیرین و ناڕێك مەگەر خوا خۆی بزانێت، لە: پاڕانەوە لـە (آمنة) لـە جیـاتی خـوای گـەورە، وە داوای فریا كەوتن لێی، وە ڕشتنی بۆن و گوڵاو لەم شوێنە گومان لێكراوەدا كەوا گۆڕی (آمنة) بێت .

وە لە گەڵ ئەوەیشدا (آمنة) لەسـەر هـاوەڵ پـەیدا كـردن (الشـرك) كۆچـی دوایـی كـردووە هـەر لەبـەر ئەوەیش ئەو كاتە پێغەمبەر (ﷺ) داوای ڕوخسەتی لە خوای گەورە كرد كەوا داوای لێخۆش بوونی بۆ بكات، بەڵام خوای گەورە ڕێگای پـێ نـەدا هـەروەكو لـە فـەرموودەی (أبو هريرة)ەوە(رضي الله عنه) فـەرمووی: پێغەمبــەر (ﷺ) فــەرمووی:((إستأذنت ربي أن أستغفر لأمي فلم يأذن لـي، واستأذنته أن أزور قبرها فـأذن لي))[٢٠].واتە: داوام كرد لە خوای گەورە كە ڕێگام پێ بدات داوای لێخۆش بوون بۆ دایكـم بكـەم بـەڵام ڕێگای پێ نەدام، وە داوام كرد ڕێگام پێ بدات سەردانی گۆڕەكەی بكەم و ڕێگای پێدام .

ئیمـامی (النووي) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) لـە ڕاڤـەكردنی ئـەم فەرموودەیـەدا دەفـەرمێت: (ئـەم فەرموودەیە نەهی تێدایە كەوا داوای لاخۆش بوون بۆ كافر بكرێت)[٢١].

وە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾. [التوبة: ١١٣].واتـە: بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) و بـاوەڕداران نـی یـە داوای لێخۆش بوون بۆ هاوبەش بڕیاردەران بكەن هەرچەندە خزمی نزیكیشیان بن، لەپاش ئەوەی كـە بۆیـان دەركەوت ئەمانە دۆزەخین .

وە لە (أنس)ەوە (رضي الله عنه): پیاوێك فـەرمووی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـاوكم لـە كوێیـە؟ ئـەویش فەرمووی: ((في النار)) واتە: لە ناو ئاگردایە، جا پیاوەكە پشتی لە پێغەمبەر (ﷺ) كرد و ڕۆیی، پاشان

---

(٢٠) صحيح مسلم رقم: (٩٧٦) .

(٢١) شرح صحيح مسلم: (٧ / ٤٥) .

بانگی کرد و فەرمووی:((إنَّ أبي وأباك في النار))[22].واتـە: بەجـەخت لەسـەرکراوی بـاوکی مـن و بـاوکی تۆش لە ئاگردان .

ئیمامی (النووي) لە ڕاڤە کردنی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمێت: (بە تەئکید ئەوەی بمرێت لە سەر کوفر ئەوە لە ئاگرە و خزمایەتی هیچ سودی پیٚ ناگەیەنێت، وە هەر لـە مانـای فەرموودەکەدایـە کـەوا هـەر کەسێك کۆچی دوایی کرد پـێش هـاتنی پێغەمبەر (ﷺ) وە لەسـەر ئـەو بت پەرسـتیەیە بـوو بـیٚ کـە عەرەبەکانی لەسەر بووە ئەوە ئەهلی ئاگرە، وە لەوانەیش ناژمێردرێت کەوا پێش بانگەوازی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کردووە، چونکە ئەوانە بانگـەوازی پێغەمبـەر (إبـراهیم) (ﷺ) و جگـە لـەویش لـە پێغەمبەرانیان پیٚ گەیشتووە)[23].

وە (القرافي) لە (شرح التنقیح)دا دەیگێڕێتەوە کـەوا زانایـان یـەك دەنگـن (الإجماع) لـە سـەر ئـازار دانـی مردووانی سەردەمی نەفامی لەناو ئاگردا، وە لەسەر کافر بوونی ئەوانیش .

مەبەسـت ئەوەیـە نابێـت شـوێنەواری ئـەو کەسـانەی کـەوا خزمـی پێغەمبـەرن (ﷺ) بکرێتـە جێگـای خواپەرستی، ئەمە ئەگەر ئیمانداریش بن چ جای ئەگەر بە کافری و بێبـاوەڕی مـردبێتن وەکـو دایـك و باوکی!

وە لەبەر زۆر بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە کارە نا شـەرعی و بـیٚ بەڵگانـە لـە نێـوان ئەوانـەی کـە خۆیـان دەدەنە پاڵ ئیسلام ئەم بابەتە بڵاوکرایەوە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد

وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان

إلى يوم الدين.

**ئامادەکردنی ماموستا عبدالعزیز ستار**

**ماڵپەڕی فەرموودە**

---

(٢٢) صحيح مسلم رقم: (٢٠٣) .

(٢٣) شرح صحيح مسلم: (٣ / ٧٩) .

## من أقوال السلف

### أين نـحنُ من هؤلاء ؟!

قال عبد الرحمن بن مهدي رحمه الله :

(كان الرجلُ من أهل العلم إذا لَقِيَ من هو فوقه في العلم فهو يوم غنيمتهِ سألهُ وتعلَّمَ منه، وإذا لَقِيَ من هو دونهُ في العلم عَلَّمهُ وتواضعَ لهُ، وإذا لَقِيَ من هو مثله في العلم ذاكرهُ ودارسه)[(١)].

واته : ئەگەر پیاوێك لە زانایان و زانستخوازانی سەردەمی سەلەف بگەیشتایە بە كەسێك لە خۆی زاناتر ئەوا ئەو ڕۆژە ڕۆژی دەستكەوتی بوو: پرسیاری لێدەكرد و لێیەوە فێر دەبوو، وە ئەگەر بگەیشتایە بە كەسێك لە خواروی خۆیەوە لە زانستدا ئەوا فێری دەكرد و خۆی بۆ دادەنەواند، وە ئەگەر بگەیشتایە بە كەسێك وەكو خۆی لە زانستدا ئەوا بیری یەكتریان دەهێنایەوە و لێكۆڵینەوەیان دەكرد .

(١) المحدِّث الفاصل للرامهرمزي ص : (٢٠٦) .